## کۆمیسیۆن ڕۆژی هەینی وەک وادەی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن دیاری دەکات



ئەنجومەنی کۆمیسیارانی عێراق، ڕۆژی هەینی 3ی (تشرینی یەکەم/10)ی 2025ی وەک وادەی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دیاریکرد.

جومانە غلای وتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق رایگەیاند،
ئەنجومەنی کۆمیسیاران ڕۆژی هەینی 3ی (تشرینی یەکەم/10)ی 2025ی وەك وادەی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان دیاریکردووە.
ئاماژەی بەوەشکردووە، "هەر ئەمڕۆش ئەنجومەنی کۆمسیاران لیستی کۆتایی ناوی کاندیدانی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوی ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند کردووە".

بڕیارە ڕۆژی 11ی (تشرینی دووەم/11)ی 2025 هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەرانسەری عێراق بەڕێوەبچێت و لە ئێستاشدا بەشێك لە لایەن و کاندیدەکان بەناڕاستەوخۆ بانگەشەیان دەستپێکردووە.